# بانگەوازی 3 رۆژ مانگرتن لە خواردنی سیاسی
# بە دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان

خەڵکی کوردستان رۆژەکانی 2 ، 3 و 4 ی مانگی گەلاوێژ مان لە خواردن دەگرن .

لەم حەفتانەی دواییدا فشاری دەزگاکانی ئاسایش و قەزایی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ ، رۆژنامەنووسان و سەرجەم چالاکانی بواری مەدەنی بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە زیاد بوونەو ئەم کردەوانە هەلومەرجێکی مەترسیداری هێناوەتە ئاراوە کە دەتوانین وەک شەپۆلێکی سەکوت کەرانەی سیستماتیک و بەردەوام لە سەر کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان ناو ببەین .

هەواڵی دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ عەدنان حەسەن بوور رۆژنامە نووس و ئەندامی دەستەی نووسەرانی " حەفتەنامەی ئاسۆ " و هیوا بووتیمار چلاکی مەدەنی بۆ تە هۆکاری نیگەرانی سەرجەم چالاکانی مافی مرۆڤ

محەممەد سەدیقی کەبوودوەند سەرۆکی رێخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە رۆژی 10 پووشپەر دا بە دەست هێزەکانی ئاسایش قۆڵبەست کرا و ئیشتا لە بەندی 209 بەندیخانەی ئەوین لە رەوشێکی نا لە باری رووحیدا بە سەردەبا و تووشی نارەحەتی رییە و مێعدە بووە .

ئیجلال قەوامی رۆژنامەنووسی حەفتەنامەی " پیام مردم " و "دیدگاە " و ئەندامی شوورای سەرەکی رێخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە رۆژی 18 ی پووشپەڕ بە شێوەیەکی نا یاسایی دەسبە سەر کراو بە پێوەی هەواڵی پەیوەندیدار ناوبراو لە بەندیخانە تووشی نارەحەتی چاو بووە .

مەحموود ساڵحی چالاکی بزووتنەوەی کرێکاری کە زیاتر لە 3 مانگە لە بەنیخانە دا بە سەر دەبا ، بە هۆی لە دەست دانی کوللیەکانی ژیانی لە مەترسی دایە .

عەبدولسەمەدی نەسیری لاوی 17 ساڵەی مەهابادی لە ساڵیادی ترۆری شەهید دوکتوور عەبولرەحمانی قاسملوو لە مەیدانی شۆرشی مەهاباد کەوتە بە هێرشی دڕندانەی هێزەکانی ئاسایش و ئیتلاعات و هەر لەوێ گیانی لە دەست دا .

لوقمانی مێهری چالاکی کرێکاری و ئەندامی رێخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە بەتاوانی حەولدان دژی ئاسایشی نەتەوەیی بە 5 ساڵ زیندان مەحکووم کرا بوو ، رۆژی چوارشەممەی حەفتەی رابردوو لە ترمیناڵی رۆژهەڵاتی تاران لە گەڵ هاوسەرەکەی لە لایان چەند کەسی نەناسراو کەوتە بەر لێدان و کوتان دڕندانە و رفێندرا .

سەرجەم ئەم خاڵانەی سەرەوە لەم چەند حەفتەیەی رابودوودا رووی داوە و خۆی نیشاندەری هەلومەرجی نا لە باری مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دایە .

هەر لە درێژەی مەحکووم کردنی ئەم رەوتە کەم وێنەیەی سەرکوت کردنی چالاکانی مەدەنی کوردستان ، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی ، ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی ، کرێکاری ، خوێندکاری و ژنان ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەم رۆژووە سیاسیە دا راگەیاندووە .

رێخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و رێخراوی چاک بە شێوەی رەسمی و هابەش لە سەرجەم خەڵکی کوردستان ، حیزبەکان ، رێخراوە سیاسی و مەدەنیەکان و هەموو چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکان بانگهێشت دەکا تا بە بەشداری بەر چاوی خۆیان لەو رۆژووە سیاسی و

**نارەزایەتیەدا لە رۆژەکانی سێ شەممە 2 هەلاویژ ، چوارشەممە 3 ی گەلاویژ و پێنج شەممە 4 ی گەلاویژ هەڵوێست بگرن بە دژ گیرانی چالاکان و دەربڕینی حوکمی ناعادڵانەی ئێعدامی رۆژنامەنووسان و کردەوەی سەرەڕۆیانەی دەزگای قەزایی و ئاسایشی کۆماری ئیسلامی و بۆ سەقامگیر بوونی مافی مرۆڤ لە کورستان دا تێبکۆشن .**

**ڕێخراوی مافی مرۆڤی کوردستان (r.m.m.k )**

**ڕێخراوی چاک (c.h.a.k )**